www.kurdistannet.org

## کوردستانێکی ئازاد  گەلێکی یەکسان

### *وتاری ( پاسۆک ) لە یادی دامەزراندنی ( ی.ن.ک ) دا*

### *ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، میوانە بەڕێزەکان ....*

به ناوی پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆک )ەوە سڵاوی ئازادی و یەکسانیتان پێشکەش بێت  لە هەموو ئەندام و دۆستانی  ی . ن . ک  بە بۆنەی بیرەوەری 28 مین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەتانەوە , پیرۆزبایی گەرمی دۆستانەتان ئاڕاستە دەکەین ...

بەڕێزان ... یاد و بیرەوەری ئەم ساڵ تایبەتمەندە و هاوزەمان و تێکەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە گۆڕانە گەورە ، هیوابەخشەی بەسەر کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا ، پاش داتەپینی ئیمپراتۆرێتی سەدام و تەفروتونابوونی دەسەڵات و سیستەمەکەی هاتۆتە ئاراوە .

رزگاربوونی تەواوی ناوچە داگیرکراو و بە عەرەبکراوەکان و گەڕانەوەیان بۆ ئامێزی گەرمی کوردستانی نیشتمان و هەڵکشانی نێودەوڵەتیی پرسی کورد ، ئەو دەرفەتە بوو کە پرۆسەی ئازادیی عێراق بۆی رەخساندووین . ئەمانەش هەر تەنها دەستکەوتی مێژوویی و سیاسی گەورە نین ، بەڵکو بزاڤی کوردیان بردە نێو قۆناغێکی نوێوە و دەرەتانی پۆزەتیڤی بە رەهەندەکانی ئەو پرسە ئاڵۆز و چارەسەرنەکراوەی رۆژهەڵاتی نێوین و جیهان بەخشی . ئەم گۆڕانە هیوابەخشە ، ئەرک و پێداویستییەکانی خەبات و ستراتیژی لە رەگوریشەوە گۆڕیوە و چیدی بواری خافڵبوون و فەرامۆشکاریمان نادات .گەر کار بە ئامراز و کەرەسە و رۆحیەتی کوردایەتی و هۆشیارانە نەکەین ، شەپۆلە بەهێزەکانی راماندەماڵێ و ژمارەی شکستێکی دیکە لەسەر دەستی ئێمەدا دەخرێتە سەر خەرمانی ئەو مێژووە پڕ لە مەرگەسات و گاڵتەجاڕییەی ، کە هەر تاکێکی خاوەن ویژدان و بەشەرەفی کورد لە ئاستیدا شەرمەزار و لاڵە ...

خوشکان و برایان ... ئێمەش وەک ئێوە بەو دەستکەوتە گەورانە شادمان و بەختەوەرین . بە هەمان ئەندازەش نیگەران و دڵساردین بەرانبەر بەو سیاسەت و ئامادەگییەی دەسەڵاتی کوردی جڵەو بەدەست .. لە

www.kurdistannet.org

دنیادا هەر کەس و لایەک دۆستی یەکەمی بەرژەوەندی خۆیەتی . ئەمەش دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە و ئەمەریکاش لەم یاسایە بەدەرنییە و ئیمرۆ پیادەکەری ئەو هاوکێشەیە و پاڵەوانی سەرکەوتووی ئەم رووداوانەی دواییە ، کە ئێمەشی خزاندۆتە نێو چوارچێوەی گۆرەپانی ئەو بەرژەوەندیانەوە کە خۆی شاسوارێتی . ئەمەش بە واتایەکی دیکە مانای رۆڵی پاسیڤی کوردە لە سەرجەم هاوکێشەکەدا . هەڵبەتە دەستبەتاڵیی سیاسی و دیبلۆماسی و نەتەوەیی کورد و دابەشبوونی بەسەر دوو هێز و بەرژەوەندی و میتۆدی کارکردن و مانا و پێناسەی جیاوازدا ، دیسانەوە تای تەرازووی کوردی سووکتر کردووە.

ئێمە ئیمرۆ لەبەردەم هەستیارترین چرکەساتی مێژوودا راوەستاوین و پێویستە لەهەر ساتەوەختێکی دیکە زیاتر پێ لەسەر { ناو ، بوون ، نیشتمان ، زمان ، کولتوور ، ئەقڵ ، جەستە ، مێژوو و جوگرافیا} مان داگرین و لە هەیکەل و جەستەی دەوڵەتی داگیرکەری جوودابکەینەوە . ئەم دەرەتانە هەڵکەوتووە کەم وێنەیە بقۆزینەوە و نەتەوەی کوردیش ببێتە خاوەنی کەرامەتی خۆی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی . کەچی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەو ململانێییەی وا لە بەردەمیدا مەسەلەی کوردی لە دوو سەرکردە و دوو حیزب و دوو ئیدارە و دوو ناوچە و دوو پارێزگار و کۆمەڵێ گەمە و چاوشارکێی تێوچەییدا گەمارۆ داوە و ئیرادە و ویستی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانیان کردۆتە قوربانی کۆمەڵێ دروشم و بانگاشەی پووچەڵ و دوور لە واقیع و ئەرکی راستەقینەی خۆیان .

بەڵێ عێراقچێتی و ئالاهەڵگری دیموکراسی بۆ عێراق و داکۆکی لە یەکێتیی خاکی عێراق ، ئەو عێراقەی تەنها پێناسەی ئاگر و ئاسن و مەرگی بە کورد بەخشیوە بالادەستترە لە هەموو ئەرکە نەتەوەییەکانی دیکەیان . قەت نەبووە و نەبیستراوە بولبول ئاشقی قەفەز و دیل بۆ زیندان بپارێتەوە ، تەنیا سەرکردایەتی سیاسیی لایەنە کوردیەکان نەبێت . هەر میکانیزمی ئەو ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیە کەوای کردووە ئەو سەرکردایەتییە ، دوای هەڵەبجە و ئەنفال لەگەڵ بکوژ و ئەنفالچییەکاندا خۆیان بکەنە سەربازی پارێزەری عێراق و مامۆستای دیموکراسی تێیدا . وە باوەڕیان بە برایەتی سلێمانی و هەولێر نەبێ ، کەچی ئازادی و سەربەخۆیی 12 ساڵەی کورد بە سیفەتی برا بچوکی بە دیاری بۆ بەغدا ببەنەوە .

ئازیزان ... ئێمە وەک پاسۆک دەرک بە بایەخ و گرنگی ئەم هەلە زێرینە دەکەین و لە هەموو رەهەند و دەرهاویشتە کانیشی باش حاڵی دەبین و بایی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی پیرۆزی مەسەلەی نەتەوەکەمان و بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی تێڕوانینمان بۆ ئەو جەمسەر و هۆ و هۆکارە کاریگەرانە بۆ سەر ناوچەکە هەیە . ئەوەی گومانیشمان لا دروست دەکات بەستنەوەی هەموو هیوا و داواکانی کوردە بەو گۆڕانانەوە بەبێ ئەوەی میکانیزمەکانی دەستبەر کرابێ و بە ئاشکرا یان بە نهێنی کار بۆ بنەبڕکردنی راستەقینەی دەرد و ئازارەکانی کورد بکرێت .

www.kurdistannet.org

بەڕێزان ... ئەرکی هەمووانە زۆر بە پەرۆشتر و زرنگانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بکەین . بە هەموو سەرکەشییەکی حیزبی رازی نەبین و ئیعتیباری مەسەلەی نەتەوەیی بخەینە سەر و هەموو ئیلتیزام و ئیعتیبارێکی دیکەوە

ئێمە وەک ( پاسۆک ) باوەڕمان بەوە هەیە کە

ئەوەی نەتوانێ بۆ کورد و کوردستان بژی ، بۆ کەسی دیکەش هیچی پێ ناکرێت . ئەوەی مندالّی خۆی خۆش نەویست ، رقی لە هی دراوسێش دەبێتەوە . مێژووش پێمان دەڵێ تەنها ئەوانە گەورەن کە دڵسۆز و خزمەتگوزاری میللەتی خۆیان بوون . هەنووکەش فەلسەفەی [ پێش ئەوەی هەر شتێ بین .... دەبێ کورد بین ] بەرۆکی هەر تاکێکمان رادەتەکێنێ و رۆژی خزمەت و نەسرەوتنە بۆ کوردایەتی و گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی مەنزڵگای " کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان " واتە خزمەتی راستەقینەی مرۆڤایەتی ....

+ یادی دامەزراندنی ی . ن . ک جارێکی دیکەش پیرۆز بێت .

+ سلاو لە شەهیدانی رێی رزگاری کورد و کوردستان .

+ هەر شەکاوەتر بێت ئالای سووری کوردایەتی .

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزماندا و هەر بژین بۆ کورد و کوردایەتی**

**پارتی سۆسیالیستی کورد ـ پاسۆک**

بەرلین 2003ـ6ـ1

**http://www.PASOK.org**